

عەبدوڵا موهەتەدی بۆ ئاوێنە دەدوێت

# "عەبدوڵای موهتەدی" کەسێکی هێندە ناسراوە پێویستی بەناساندن نییە.

**ئەو کە سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە، سەبارەت بەدوا پەرەسەندنەکانی ئەمدواییەی کێشمەکێشی نێوان باڵی زۆرینەو کەمینەی ڕێکخراوەکەیانو هەلومەرجی ئێستای ئۆردوگای زڕگوێزەڵە بۆ ئاوێنە دەدوێت.**

*کاک عەبدوڵا ئەو کۆمەڵەیەی کە بەڕێزتان رابەرایەتی دەکەن جیابوونەوەی تێکەوت، ئەمە بۆ؟

- هەر وەکو دیارە سەرجەم لەمبارەیەوە کەم دواوم، پێموابووە دوانی زۆر لەسەری خۆی دەتوانێت ناکۆکییەکە قووڵتر بکاتەوە، بۆیە خۆم پاراستووە لەدووانی زۆرو جوابە جەنگی زۆر، بەڵام لەهەر حاڵدا پێموایە پەیامی خۆم راگەیاندووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم ناکۆکییەی لەوانەیە ببێتە هۆی جیاییش، ئیدامەو درێژەدانی ململانێیەکی سیاسی نێوان دوو رێبازو دوو خەت نەبووەو نییە لەکۆمەڵەدا، کە بڵێی ئەم ململانێیە گەیشتووەتە ئاستێک لەپەرەسەندنو لەتەکامولی خۆی کە رەنگدانەوەی لەناو رێکخراوەکەدا، لەناو بەدەنەی حیزبدا، بووە. بۆ نمونە زۆرینەیەک کە لەسەر خەتی رەسمی کۆمەڵە بنو کەمینەیەکیش جۆرێکی تر بیر بکەنەوە، من بەڕاستی ئاوام نەدیوە. دیارە هەوڵێک دراوە بۆ ئەوەی دوای ئەوەی جیابوونەوەو دوو بەرەکایەتییەکە ساز بوو، کۆمەڵێک شتی سیاسی پێوە بلکێنن. ئەگەر سەڕەرای هەموو هەوڵو تەقەلای ئێمە، هاوڕێیانی کەمینە بیانەوێ هەر جیاببنەوە، رەنگە ئەوکاتە زۆرتریش شتی سیاسی بۆ دروست بکەنو بۆ دابتاشن، بەڵام من تا ئێستاش ئەوەم نەبینیوە کە خەتو سیاسەتێکی جیاوازو رێبازێکی سیاسی جیاواز لەکۆمەڵە، لەلایەن هاوڕێیانی کەمینەوە هێنرابێتە ئاراوە، بۆیە من هۆکارەکەی لەشتی سیاسیو لەخیلافی سیاسیدا نابینم، بەڵام پێموایە ئاکامی سیاسی لێدەکەوێتەوە، واتە ئەگەر بێتوو ئەوان جیاببنەوە بەو شێوەو میتۆدەی کە گرتویانەتە پێش، پێم وا نییە تازە لەسەر ئەم خەتە بمێننەوە کە ئێستا کۆمەڵە هەیەتی.

*باشە بەبڕوای تۆ باڵی کەمینە لەچی ناڕازین؟

- راستییەکەی وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت خۆیان بیدەنەوە، من بەرپرس نیم لەوە، تێگەیشتنی بۆ منیش تا ئێستا ئاسان نەبووە.

*ئەوان دەڵێن لەسەنترالیزمو دەسەڵاتی رەهای سکرتێرو زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی ناڕازین، دەڵێن ئێوە بەتەنها هەموو شتەکان لەنێو کۆمەڵەدا یەکلایی دەکەنەوەو ئەوان لەپرۆسەی بڕیاردان کراونەتەدەر، دەڵێن دەمانەوێ دۆسیەی دارایی کۆمەڵە روونو شەفاف بێت، دەڵێن باڵی زۆرینە هیچ رێزو بایەخێک بۆ دیموکراسیو دیالۆگ دانانێت...

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

- هیچ کام لەوانە راست نین بەداخەوە، یەکەم: دوو لەو هاوڕێیانەی کەمینە بۆ ماوەیەکی دووردرێژی دوای جیابوونەوەی ئێمە لەحیزبی کۆمۆنیستی ئێران "غەیری ئەم هەشت نۆ مانگەی رابردوو"، نەک هەر لەکۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا بوون، بەڵکو لەدەفتەری سیاسییەکەشیدا بەشدار بوون، ئاگادارو بەشداری وردو درشتی هەموو شتێکن، هەموو راگەیاندنی کۆمەڵە بەدەست ئەوانەوە بووە، کێ پێشی قسەکردنی بەوان گرتووە؟ هەموو راگەیاندنی کۆمەڵە بەتەلەفزیۆنی "رۆژهەڵات تی ڤی"یەوە، بەرادیۆی کۆمەڵەو گۆڤارو سایتەکانەوە هەموو لەبەردەستی ئەو هاوڕێیانەدا بوون، هەروەها بۆ ماوەیەکی بەرچاو هەموو کاری ئیجرائی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵە بەتەواوی بە دەستیانەوە بووەوە.

*بەڵام لەوەش گرنگتر بەدەست ئێوەوە بووە کە "دارایی کۆمەڵە"یە، ئەوان لەمبارەوە دەستبەتاڵ بوونو وەک دەزانن ئابوریش گرنگترین کۆڵەکەی سیاسەتە..

- با پێت بڵێم لایەنی دارایی چۆنە، دیاریکردنی بەرپرسی مالیو دارایی شتێک نییە بەبێ پرسو مەسڵەحەتو تەگبیر کرا بێت، هەمووی یان لەکۆبوونەوەو پلێنۆمەکانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا کراوە یاخود لەدەفتەری سیاسیدا دیاریکراوە کە ئەوان لەهەردوو حاڵەتدا تیایدا بەشدار بوونو خۆشیان دەنگیان پێداوە، ئەمە یەک. راپۆرتی مانگ بەمانگی فلس بەفلسو تمەن بەتمەنو دۆلار بەدۆلاری کۆمەڵە، چی هەیەو چی خەرج کردووەو چی داهاتی بووە، دەزانن‌و هیچ شتێکی شاراوە نییە لەوبارەوە. ئاستێک لەنهێنی مالیو دارایی هەموو کۆمیتەی ناوەندی زانیوییەتی، ئاستێکی لەوە نهێنی تر یان لەوە پارێزراوتر هەبووە هەموو دەفتەری سیاسی ئێمە کە حەوت کەس بوون زانیویانە، هیچ شتێک نییە یەک تاقە تمەنو دینارو دۆلار نییە کە من یان بەرپرسی دارایی کە هاوڕێیەکی دیکەمانە زانیبێتمانو حەوت کەسەکەی دەفتەری سیاسی نەیانزانیبێت.

*باشە ئەگەر وەک تۆ دەڵێی ئەو رەخنانەی ئەوان هیچی راست نین، بۆ گفتوگۆکانتان نەگەیشتە ئەنجام، پێتوایە ئەو رێگریانە چی بوون لەبەردەم پێکهاتنەوەتاندا؟

ئەگەر لەمن بپرسی، بەتێگەیشتنی من ئەو هاوڕێیانە، بەتایبەت هەندێک لەوان، زۆر توندڕەو بوون، زۆر دەمێک لەوەو پێشەوە، زیاتر لەساڵو نیوێک لەمەوبەرەوە بڕیاری خۆیان دا بوو، لەهەل دەگەڕان بۆ ئەو کارە، لەکۆکردنەوەی هێز دەگەڕان بۆ ئەو کارە.

*ئەوان لەچیدا توندڕەو بوون؟

- من غەیری تموحی فەردیو گێڕەو کێشەی شەخسیو ئەوانە نەبێت هیچی تری تیا نابینم.

*بەڵام ئەوان دەڵێن ئێوەش بەو شێوەیە مامەڵەتان لەگەڵ کردون، بۆ نمونە: کۆی ئیمکاناتو ئوتومبێلەکانی کۆمەڵەتان لێسەندون، یارمەتیو بایەعی پێشمەرگەو کادێرەکانتان لێبڕیون، لەم چەند هەفتەو مانگەی رابردووشدا تەنانەت زۆرجار ئۆتۆمبێلتان نەداونەتێ هاتوچۆی پێبکەن..

- ئەسڵو ئەساسی نییە، بەداخەوە گرفتی ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کەمینەدا لەوەدایە جۆرێک راگەیاندن دەکەن کە هەر نازانی چۆن بڵێیت "وا نییەو هەر ئەسڵو ئەساسی نییە". یەکەم: رەنگە حیزبی تر وابێت لەکوردستانی عێراق کە هەر مەسئولەو بەرپرسە سەیارەی خۆی هەبێت،

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

ئێمە وا نین، ئێمە سەیارەکانمان هەمووی لەیەک شوێنن، هەر کەس ئیشوکاری پێیان بێت بەگوێرەی زەوابت دەیاندرێتێ، ئێمە دەفتەرێکمان هەیە کە نیشان دەدات هەر مانگە کێ سەفەری کردووە لەزڕگوێزەڵەو ئۆردوگاکانی ئێمەوە بۆ شاری سلێمانی، چەند جاریش سەفەری کردووە، بەسەری خۆمو تۆ ئەگەر ئەو دەفتەرە سەیر کەی، دەبینی کە ئەو سێ کەسەی ئەوان بەقەد هەر شانزەو حەڤدەکەی ئێمە سەفەریان کردووە، لەسەدا شەستی سەفەرەکان هی ئەوان بووە.

*ئەمە لەکەیدا؟

- لەدوو مانگی رابردوودا، چونکە راستییەکەی ئەوەیە ئەوان حەوت هەشت مانگیش دەبێت بۆ هیچ کارێکی حیزبی دەست لەڕەشو سپی نادەن، هەر خەریکی هێز کۆکردنەوەو تەکەتولی خۆیان بوون، بۆیە زۆر پێویستیان بەسەیارە بووەو رۆژ تا ئێوارە دێنو دەچنو سەریان زۆر قاڵە.

*تا ئێستاش ئەو ئاسانکارییەیان بۆ کراوە لەلایەن ئێوەوە؟

- هەر کاتێک ئەوان بیانەوێ بێن بۆ شار، من چ ئاسانکارییەکم بۆ دەکرێت ئەوانیش هەر ئەو ئاسانکارییەیان بۆ دەکرێتو ئێستاش هەر وایە.

*بەڵام دوو هەفتە لەمەوبەر کە لای کاک "عومەری ئیلخانیزادە" بووم، وتی ویستومە بەمەبەستی چاوپێکەوتنەکەی ئاوێنە بێم بۆ سلێمانیو داوای سەیارەم کردووە، بۆیان دابین نەکردوم. بەناچار بۆ دابینکردنی سەیارەیەک پەنام بۆ ناسیاوێکی خۆم بردووە..

- (بەسەرسوڕمانە) بڵێم چی؟ بەڕاستی نازانم چۆنی وەڵام بدەمەوە.

*کاک عەبدوڵا مەسەلەیەکی جێی سەرنجی دیکە ئەو قسەوباسانەیە کە گوایە باڵی زۆرینە (ئێوە) ئیدیعای ئەوەتان بڵاوکردووەتەوە گوایە لەگفتوگۆکانی ئێوەو ئەواندا "لایەنی سێهەم کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە" پشتگیری لەئێوە دەکات لەبەرامبەر ئەواندا، ئایا ئەمە بەڕاست وایە؟

- جا ئێمە بۆ بڵاوی دەکەینەوە؟ ئەوەلەن من لایەنگرییەکی ئاوام نەدیوە کە بڵێی زوڵمێک لەوان کرابێت یان ناهەقیو بێ ئیحترامییەکیان پێکرابێت، یان گوێ لەقسەکانیان نەگیرابێت، ئەسڵەن ئەوە نییە لەئارادا، سەرجەم زۆر بەڕێزەوەو زۆر بە بێ تەحەکوم قسەمان لەگەڵ کراوە. بەڵام من خۆم نەک هەر لە لایەنی سێهەم، لە هەموو حیزبو لایەنێکی کوردستانی تەوەقوعم هەیە هەروەکو چۆن لەناو دەوڵەتو وڵاتێکدا یاسا هەیەو رێزی لێدەگیرێت، پێموایە لەناو حیزبێکیشدا شەرعیەتو قانونیەتو یاسا دەبێت رێزی لێبگیرێت، لەبەرئەوە پێموایە نامەعقولو زیادەڕۆیی نییە کە چاوەڕوانییەکی ئاوامان هەبێت کە هەموو لایەنێک بزانن شتەکان لەڕووی یاسای ناوخۆمانو پەیڕەوی ناوخۆمانەوە چۆن بووە، کێ خراپەیەکی کردووە لێیبکۆڵنەوە، کێ لەیاسای خۆمان چووەتە دەر لێیبکۆڵنەوە و قەزاوەتی لەسەر بکەن، ئەوە بەشتێکی ناهەقی نازانم. بەڵام من هیچ شتێکم لەوبارەیەوە نەدیوەو هیچ شتێکیشم لەوبارەیەوە بڵاونەکردووەتەوە.

*هەڵوێستی لایەنی سێهەم بەرامبەر بەم کێشەیەی ئێوە چی بووە؟

- لایەنی سێهەم زۆریان پێخۆش بوو، پێموایە هەموو حیزبەکانی کوردستانی وانو دەبێت واش بن، کە بەشکو یەکگرتنەوەیەک لەنێو ئێمەدا ساز بکەنەوە، دیارە ئێمەش خۆمان هەر خوازیاری ئەوەین، بەڵام

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

هاوڕێیانی کەمینە بەداخەوە بەڕاشکاوی ڕایانگەیاند کە "هیچ ڕێگەیەکی دیکە غەیری جیایی نەماوەتەوەو ئەوان ئامادەن مەسئولییەتی ئەم جیابوونەوەیەش بگرنە ئەستۆ". ئەوان بەهەر جۆرێک بێت حەتمەن دەیانەوێ جیاببنەوەو پەلەپەلیشیانە بۆ جیابوونەوەو لایەنی سێهەمیش شاهیدی ئەوەیە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش لایەنی سێهەم لەئاخر جاریشدا هەر خوازیاری ئەوە بووەو وتویەتی "سەرەڕای ئەوەی قسەکانیشتان لەیەکەوە دوورە، بەڵام بەجارێک بێ هیوا نین لەیەکگرتنەوەتان".

*بەڵام تۆ خۆت بەجارێک بێ هیوا نەبوویت لەوەی یەکبگرنەوە؟

- من ئێستاش پێموایە ئەم جیاییە شتێکی مێژوو کورد نییە، شتێکی سیاسەت کورد نییە، دەستکردی خۆمانە، بۆیە من پێموایە ئەگەر ئەو هاوڕێیانە باشی بیری لێبکەنەوەو تەماشا بکەن دەبینن کە هیچ پاساوێک، هیچ شەرعییەتییەک بۆ ئەم جیابوونەوەیەیان لەئارادا نییە.

*ئەی کەواتە بۆ جیا دەبنەوە؟

- خراپ دەکەن.

*باس لەوە دەکرێت کە لەم گفتوگۆیانەدا ئێوە هەڕەشەتان لێکردوون، هەڕەشە بەو مانایەی لەڕووی مالیو دارایییەوە فشاریان بۆ بهێنن کە دەست لەو جیابوونەوەیە هەڵگرن..

- نەخێر، هەرکەس چ مووچەیەکی دراوەتێ لەناو ڕیزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا تا ئەلعان، نەفلسێکی کەمتر دراوەتێ نەفلسێکی زیاتر. ئێمە ئامادەین، ڕەنگە ئەم قسەیەش تۆزێ بەگاڵتە وەربگیرێت چونکە شتی وا پێویست ناکات، بەڵام ئێمە ئامادەین دیوانی چاودێری بهێنن بروانێت بزانێت بەهیچ کەس زیاد دراوە یان بەهیچ کەس کەم دراوە؟ نەبووە شتی وا، بەداخەوە ئەمە بەشێک لەڕاگەیاندنێکی زۆر دوژمنکارانەو زۆر نەیارانەیە کە لەلایەن ئەوانەوە دەکرێت، کە بێ سابقەیەو شتی وام نەدیوە، نازانم بۆچی قسەی وا دەکرێت؟!

*ئەی سەبارەت بەو چەکدارانە دەڵێی چی کە لەدەرەوەی ئۆردوگاکەوە هێناوتانەو دژایەتی لایەنەکەی تر دەکەنو لەئەنجامی ئەوەشدا چەند جارێک حاڵەتی ناخۆش ڕوویداوە؟

— با پێت بڵێم چۆنە، لەڕاستیدا ئەوە هاوڕێیانی کەمینەن کە خەڵکی ناکۆمەڵە یان ناپێشمەرگەیان کە ئەسڵەن وەرنەگیراون بۆ پێشمەرگایەتی هێناوەتە ناو ئۆردوگا و لیژنەیەکیش کە لایەنی سێهەم پێکی هێناوە ئەو ڕاستییە دەزانێ. ئێمە چەند کەسێکمان کە لەڕێکخستندا بوونو کۆنە پێشمەرگە بوونو تا ئێستاش کاری حیزبیان بۆ دەکردین، هەموویان لە هەرێمی کوردستان بوون، بەڵام هەموویان لەناو ئۆردوگادا نەبوون، ڕاستە ئەوانە هاتونو هێناومانن بۆ نێو ئۆردوگاکە.

*کەواتە هێنانی ئەوان لەم کاتەدا بەڵگەی ئەوە نییە کە بۆ دژایەتی باڵی کەمینە هێنراون؟

- نەخێر، بۆ ئەوەمان هێناون کە دیفاع لەکۆمەڵە بکەن، بەڵام ئەوان کەسانی وەهایان هێناوە کە ئەسڵەن لەهیچ ڕێکخستنێکدا نەبوون یان دەرکراوی کۆمەڵەنو ڕۆیشتون، خۆشیان دەزانن مایەی فیتنەن. بەهەموو ئەوانەشەوە ئەگەریش یەک دوو جار ئاڵۆزیو ناخۆشییەک بووبێت،

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

یەکجار زۆری پێناڕەحەتمو بەداخەوەم. هیوادارم وا بکەین کە بتوانرێ پێشی پێبگیرێت.

*لەسایەی ئەم دۆخەدا، کە رۆژانە دەنگتان لێوە دێتو پێکەوە بوونتان شتی ناخۆشی لێدەکەوێتەوە بۆ تا ئێستا لەم ئۆردوگایەدا بەیەکەوەن؟

- من پێموایە پێویستە هەموو هەوڵی خۆمان بدەین بۆ یەکگرتنەوە، ئێمە لەهەموو کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکانی خۆمانداو هەروەها لەهەموو کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکانیشدا بەئامادەبوونی لایەنی سێهەم، بەئاخر جاریشییەوەی لەگەڵ بێت، هەر داوای یەکگرتنەوەمان کردووە، کەچی ئەوان هەر لای جیابوونەوەیان گرتووە، بەڵام خۆ دیارە بەزۆر ناتوانین رایانگرین. ئەگەر هەر ویستیان بڕۆنو جیاببنەوە، لەم حاڵەدا بەبڕوای من ناتوانین لەم ئۆردوگایەدا لایەکی ئەوان بێو لایەکی ئێمە، یان لەم دوو سێ ئۆردوگا لەپەنا یەکەدا، یەکمان لەلایەک بینو یەکمان لەلایەکی دیکە، بەڵکو ئەوان دەبێت بەفکری جێیەکی دوورتر بن، دەبێت دوور کەوینەوە لەیەکتری، دەنا بەبڕوای من لەم ئۆردوگا تەنگەبەرو لەم دۆڵە تەنگەبەرەدا، ئیمکانی رووداوی ناخۆش هەر هەیە. بێجگە لەوەش بەیەکترییەوە مەشغوڵ دەبین، ئێمە نامانەوێ بەوانەوە یان بەهیچ شتێکی لاوەکییەوە مەشغوڵ بین، ئەرکو کاری یەکجار گەورە لەبەرامبەر حیزبە کوردستانییەکاندا هەیە لەکوردستانی رۆژهەڵات، ئێران رووە ئاڵوگۆڕە، دنیایەک کار هەیە بیکەین، با بەیەکترەوە مەشغوڵ نەبین، با هەردوولامان ئیفلیج نەبین، با رووداوی ناخۆشی لێنەکەوێتەوە، بۆیە ئەگەر هەر بڕیاریان دا جیاببنەوە، باشترین حاڵەت ئەوەیە کە دووریش بکەونەوە بچنە شوێنێکی تر.

*بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع ئێستا جیابوونەوەکی راستەقینەو رانەگەیەندراو هاتووەتە کایەوە، ئیتر بۆ لەیەکتر دوور ناکەونەوە؟

– بەڵێ ئەگەر هیچ رێیەکی نەما خۆ هەر ئەوەیە، بەڵام ئێمە هەموو هەوڵێکمان داوە کە نەرمی بنوێنین، زوو بڕیاری ئەو جیابوونەوەیە نەدەین، بۆچی؟ لەسەر ئەو ئەساسەی کە، بێجگە لەهاوسەنگەر بوونو هاوڕێ بوونی لەمێژینە، پێمانوایە ئەو جیاوازیو ناکۆکییەی کە جیابوونەوە حەتمیو زەروری بکات نەهاتووەتە ئاراوە، تا ئێستا وتومانە بەشکو بتوانین رێگەیەک بۆ یەکگرتنەوە بدۆزینەوە، بەڵام راستە ئەوان بەعەمەلی خۆیان جیا کردووەتەوە بەسایەتەوە، بەگۆڤارەوە، بەمقەڕی ناو شارەوە، بەهەموو شتێکەوە بەحەقەت خۆیان جیا کردووەتەوە، ئەگەر هەروا بڕوات ئەوا رێیەکمان بۆ ناهێڵنەوە، ئێمەش مەجبورین ئەو واقعییەتە قبوڵ بکەین.

*کەواتە کاک عەبدوڵا ئالێرەدا هەست ناکەن "پرۆژەی ساغکردنەوەی کۆمەڵە" دوای حەوت ساڵ شکستی هێنا؟

- نەخێر. بەهیچ شێوەیەک.

*ئەی ئامانجی سەرەکی پرۆژەکەی ئێوە هەستانەوەی کۆمەڵە نەبوو، کەچی وا دەبن بەدوو کەرتەوە؟

- کۆمەڵە هەستاوەتەوە، زۆر بەباشیش هەستاوەتەوە ئەم حەوت ساڵە، لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لەنێو نوخبەی سیاسی، لەنێو تێکۆشەرانی سیاسیو لەنێو رۆشنبیرانی کوردەواری جێگەیەکی زۆر چاکی بۆ خۆی دەستبەر کردووە. ئەم گرفتەمان ئەگەر نەبوایەو ئەگەر لەکۆڵمان

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

بێتەوە، من پێموایە داهاتوویەکی زۆر زۆر رۆشنمان هەیە لەکوردستانی ئێران.

*بەڵام ئەوانیش بەهەمانشێوە خۆیان بەخەتی راستەقینەی ئەو کۆمەڵەیە دەزانن کە تۆ باسی دەکەیت؟

- کێشەیەکیان لەگەڵ ناکەین لەسەر ئەوە، زۆرتر دەیهێڵینەوە بۆ پراکتیکو کاری داهاتوو، بۆ سیاسەتەکانو بۆ ئەوەی ژیانی واقیعیو خەباتی واقیعی ئەوانە لەمەحەک بدات.

*هەست دەکەیت لێکچوونێک لەنێوان ئەم جیابوونەوەیەی ئێستاو ئەو جیابوونەوەیەدا هەیە کە پێشتر ئێوە لەحیزبی کۆمۆنیستی ئێران جیابوونەوە؟

- نەخێر پێم وا نییە، بشبێت زۆر کەم. ئەو وەخت ئێمە نەهاتین دوو بەرەکایەتی لەنێو رێکخستنی حیزبیدا دروست بکەین، قەت ئەوەمان نەکرد، نەک بەمانگو دوو مانگ، بەڵکو بەساڵو بەچەند ساڵ ئێمە لێکۆڵینەوەو باسی سیاسیو سمینارو نووسینو محازەرەمان بوو لەناو خۆماندا، بەتەواوی لەباری تیئۆرییەوە، لەباری خەتو رێبازی سیاسییەوە قسەکانی خۆمان کرد بوو بەشەفافیەتەوە، کە سەرەنجامیش نەمانتوانی یەکبگرینەوە، جیاوازی خەتی سیاسیمانو زەرورەتو پێویستییە سیاسییەکە زۆر ئاشکراو روون بوو بۆ هەمووان. ئەمە فەرقێکی ئەساسییە لەگەڵ ئێستا، کە تا ئێستاش کەمینە نەیتوانیوە جیاوازییەکی سیاسی ئەوتۆ نیشان بدات. دووەم شت ئەوەیە ئێمەومانان لەحیزبی کۆمۆنیستدا تا ئاخر ئێوارەی کە لەوێ ماینەوە زۆر وەزیفەشناس بووین، زۆر کارکەر بووین، تەشکیلات شێوێن نەبووین، بەشە هەرە لەسەرخۆو سیاسییەکە بووین، جنێو فرۆش نەبووین، شەڕخواز نەبووین، کە بەداخەوە ئەمجارە لەمبارەشەوە نزیکایەتی نییە.

*کاک عەبدوڵا ئەو کۆمەڵە بەبڕستو بەهێزەی کۆتایی هەفتاو سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووتان بۆ والێکرد؟ بەبڕوای تۆ گرنگترین ئەو هۆکارانە چی بوون کە ئێوەی بەمجۆرەی ئێستا کەرتو پەرتەوازە کرد، کە خۆت یەکێکی لەوانەی لێی بەرپرسیت؟

- بەڵێ قەت بەرپرسیارییەتی خۆم رەتنەکردووەتەوەو لەژێری دەرنەچووم‌و لەوبارەوە راشکاوانە قسەی خۆم کردووە، لەبەرئەوە ترسێکم نییە لەوبارەوە، لەبەرئەوە ئەگەر کەسێک بیەوێت لێکۆڵینەوەیەکی راستەقینە بکات ناشتوانێت دەوری شەخسییەتەکان نەبینێت، بەڵام لەهەر حاڵدا ئەگەر بچینەوە سەر ئەو باسە کە بۆچی وایلێهات؟ هەم هۆکاری ناوخۆیی خودی کۆمەڵەو دواتریش پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی تێدایەو هەم هۆکاری کۆمەڵایەتی، واتە دوورودرێژ بوونەوەی ئیستیبدادی رەشی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی بیستو نۆ ساڵ، هۆکارێکی گەورەیە نابێت لەبیرمان بچێتەوە. ئەم ئیستیبدادە هەر ئەوە نەبوو کۆمەڵەی پێ لاواز بێت، پشتی بزوتنەوەی کرێکارییان لەئێراندا شکاند، پشتی بزوتنەوەی ژنانیان شکاند، پشتی بزوتنەوەی خوێندکارییان شکاند، ئازادی رۆژنامەگەرییان نەهێشت، رۆشنبیرییان لەئێران بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەئێران بنبڕ کرد، کەوابێت شکستێکی گەورەیە کە دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی بەسەر هەموو شارستانیەتی ئێرانی هێناوە، بەسەر هەموو رەوتە سیاسییەکانیدا هێناوە بەچەپو لیبرالو دیموکراتەوە. ئەمە ناتوانێت بێ

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

ڕەنگدانـــەوەو کاریگـــەری بێـــت لـــەنـــاوخۆی حیزبـــەکـــان، بێگومـــان ئـــەگـــەر ساڵەهـــای ساڵ درێـــژە بکێـــشێتو وردە وردە خـــەڵکـــەکـــە تیایـدا پیـر بـــنو دەستیان لـەنزیکـەوە نـەگاتـەوە بـەکۆمـەڵگاکـەی خۆیـان. بـەڵام نـاڵێم ئـەمـە هـەمـوو هۆکـارەکانـە، دەڵـێم ئێمـە نـاتوانین هۆکـارە کۆمـەڵایـەتییـە گـەورەکـان ئـەوانـەی "مـاکرۆن" لـەبـەرچـاو نـەگـرین و، تـەنها هۆکـاری "میکـرۆ" لـەبـەرچـاو بگـرین. بـەڵکـو دەبێـت تـەرکیـبو ئاوێتـەیـەک بێـت لـەهـەردووکیـان. ئـەگـەر مـن تـەنها یـەک هۆکـار دەستنیـشان بکـەم، بـەبـڕوای مـن هۆکـارە سـەرەکییـەکـەی پێکهێنـــانی حیزبـــی کۆمۆنیـــستی ئێـــران بـــوو، پێکهێنـــانی ئـــەو حیزبـــەو قۆرتـەکـانی، درەنـگ پێگـەیـشتن بـەنـەقـدی ئـەو ئـەزمونـە، بـەڵـێ ئـەگـەر تاقـە هۆکارێـک ناوبـەرم: ئـەمـە ئـەو هۆکـارەیـە، کـە کۆمـەڵێـک جیـاوازی لـەنێـوان ئێمـەدا پێکهێنـا. کـە ڕەنگبێـت ئـەگـەر ئێمـە لـەنـاو حیزبـی کۆمۆنیـستی ئێرانـدا نـەمابـاینو هـەر لـەنـاو کۆمـەڵـەدا مابایـنـەتـەوە، ڕەنگبـوو تووشـی هـیچ کـام لـەوانـە نـەبـین، هـەرچـەنـدە تـۆ نـاتوانی مێـژوو لـەڕووی ئـەگـەرو بریـاوە دیاریبکـەیـت. بـەڵام بـەدڵنیـایی دەتـوانین بڵێـین بـەچوونـە نـاو حیزبـی کۆمۆنیـستەوە کۆمـەڵـە زەرەرمـەنـد بـوو. بێجگـە لـەوەش پێویـستە هـەلومـەرجـی چـەپـی جیهـانیش لـەبـەرچـاو بگریـت، ئـەو پاشـەکـشەو گۆڕانکارییـە گـەورانـەی بـەسـەر چـەپـدا هـات کاریگـەری نێگـەتیڤـی لـەسـەر کۆمـەڵـە هـەبـوو. واتـە تـۆ دەبێـت هـەمـوو هۆکـارەکـان کۆبکـەیتـەوە، کۆمـەڵـە بخـەیتـە سـەر زەمینـەیـەکـی سیاسـیو مێـژووی واقیعـی نـاو کوردسـتانو نـاو ئێـرانو نـاو جیهـان، جـا ئنجـا هۆکـارە ناوخۆییـەکـانی نـاو کۆمـەڵـەش بهێنیـت بیخـەیتـە پـاڵ ئـەوان، تـا سـەرەنجام تـەسـویرێکی کامـڵ لـەهۆکـارەکـان بـەدەسـتبهێنیت. ئـەگـەر وانـەکـەیـن، پێموایـە لێکدانـەوەیـەکـی واقیعبینانـەمـان نابێـت، هـەر دەبێتـە تاوانبـار کردنـی ئـەم کـەسو ئـەو کـەسو بـەجێیـەکـی زۆرمان ناگەیەنێت.

*بـەڵام هـەنـدێکجار ئامـاژە بـەوە دەکرێـت کـە هۆکـاری بـەشـێک لـەم ململانـێو پـەرتـەوازەبوونانـەی نـاو کۆمـەڵـە نـەزعـەی دەسـەڵاتخـوازیی کـاک عـەبـدوڵای موهتەدییە، تۆ دەڵێی چی؟

- ڕاسـتییەکـەی مـن نـابێ ئـەو کـەسـە بـم کـە لـەوبـارەوە قـەزاوەت بکـەم، قـەزاوەتـەکـەی دەسـپێرمە دەسـت خـەڵـک، بـەتایبـەتـی ئـەوانـەی لـەنزیکـەوە لـەگـەڵ مـن کاریـان کـردووە، مـن خـۆم بـەکـەسـێکی تونـدوتیژ، قـسەڕەق، بـێ حـەوسـەڵـە نـازانم، خـۆم بـەکـەسـێکی نـا نـەرمونیـانو بـێ مـەنتیـق نـازانم، بـەڵام دیسانیشەوە با خەڵک قسە بکەنو بۆم نییە خۆم لەمبارەیەوە بڕیار بدەم.

**ئا: لاپەڕەی کوردستانی**

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de